www.kurdistannet.org
21-11-2005 21:26بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# عەلی باپیری داخ لەدڵ لەمارسیلزی نەتەوەیی کوردی دەستی عەمالەتی خۆی ئاشکراکرد!! کوردی

ئەودەمەی عەلی باپیر جیابونەوەی خۆی لەبزووتنەوە راگەیاند ئەوانەی لەدوربینی دا کۆڵەوارولەسیاسەت دا ساویلکە بوون پێیان وا بوو کە گروپەکەی ریفۆرم خوازبن هەرئەودەم زوو ساغ بوەوە کە ئەوتەنها لەگەڵ ئەوخاڵە نێوکۆییانەدا نایەتەوە کە قسەوباسێکی هێجگارکورت بوولەمەر مەسەلەی نەتەوەیی، عەلی باپیر کە ناسیۆنالزمی عەربی بەفکری معاێر ناودەبات لەبەرامبەردا ورێنە کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی سۆزی نەتەوەیی لای ئەو مەسەلەی نەتەوەیی سۆزە بەئەندازەی دڵداری ئنجا چەوساندنەوەی نەتەوەیی بوونی نیە وپی دەچی لای جەنابیان داگیرکەر بەواتای وشە نەبێت گەر بەیانی بونە حاکم دورنیە لەناوشۆڤێنیەتی عەرەبی نەمانتوێننەوە چما لای ئەوکورد چی یە؟تۆ بەرلەوەی هەرچیەك بیت ئیسلامیت جا کام ئیسلام گەر بۆ هەموو دنیا ئیسلام ئاینێکە سەروەری نەتەوەییت لەدەست نادات ئەوا بۆکورد ئەبێت لەناوی دا بتوێتەوە، ئەوئیسلامەی ئەمرۆ شۆڤێنیەتی عەرەبی کردویەتیە جێکەوتەی فکری ژەهراوی ناسیۆنالیزمیان، لەحزبەکەی عەلی باپیروهاورەدەفیەکانی دا ناوی کوردی پاراو بەجەهەنەمی دەزانن کەچی بەتاکتیك وەکو خۆی باوەری پێیەتی چوەتە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە ئنجا رواوروو کەوتون ئەوان بەتاکتیك وئەمانیش بەتاکتیك بەڵام هی ئەمان فێڵاوی ترە لەئێستاوە کورسیان مسۆگەرەبۆیە لەژێرەوە بژاندنێك بۆ برایان وخوشکانیان ئەکەن دەنگ بدەن بەیەکگرتوو لیستی هاوپەیمانی فەلوجە!!!
عەلی باپیر کەلەستانداردا کەس نایخوێنێتەوە وتەنانەت لە جامعەی عارەبیش حسابی نەفەرێکی پاماڵکراوی خۆیانی بۆ ناکەن چونکە کۆمەڵەکەی مەحکومە بەحزبۆڵکە!!ئەمرۆ بی شەرمانە فەرمووی من ئەی رەقیب بەناشەرعی ئەبینم!!وە موخالیفە بەدەستووری عێراق!!کەسێك نەبوو پێی بڵی عێراقی شەق وشر پیرۆزی تۆبێت ئاخر گەر بوینە دەوڵەت پیاوبەو پەشیمان نەبیتەوە برۆ لەفەلوجە بژی تۆ هاوڵاتی ئەم کوردستانە نیت برۆ لافی عارەب پەرستی وعێراقچێتی بۆ خۆت و هاورەدیف وخوشك وبرایانت لی بدە....
ئەبوو وەتنو لمەدایان بۆ لی دایە ئەوە شەرعیە لای ئەو!!!گەر دڵداری شاعیر زیندوو بویاتەوە تۆی لەسەر ئەوسەکۆیە ببینایە بەناوی کوردەوە قسە ئەکەی پەشیمان ئەبوەوە لەژیان وماندووبونی چەند شەرمە تۆ بریامان لەسەربدەی گەر تەنها تاکە دەنگێکیش بیت..
ئەوە بۆچی قسەوباسێکت نیە لەسەر رۆتانیات کە میدییایەکی سعودیەو لەسەر بودجەی حەجی پیرۆز بەرێوە ئەچی ودەیان ئافرەتی سۆزانی تەشویقی سێکسی تیا بەیان ئەکەن، گەر هەڵوێستت هەیە بۆ جارێکیش لەسەریان بدوی یان بودجەکەت ئەبرن!! ئیسلام خۆی وتویەتی راستی بڵی گەر لەسەر ملیشت بووە، لەمرۆ بەدواوە داوا ئەکەم لەم سەکۆ پیرۆزەوە ئیمزا یرەتکردنەوەی وتە نابەجێکانت کەبەرامبەر سرودی نەتەوەیی کردت کۆبکرێتەوە وامن لێرەوە پرۆتستۆی ئەکەم، ئەولیستەش ئەبێت روونکردنەوەی خۆی بدات لەسەر ئەم هەڵە زەقانەی تۆ کرد ئەی عەمیل باشی!!!نەمان زانی عەلی باپیر بەرئەبی بۆئەوەی تیمان بەربی!!!

کوردی
2005/11/21